# نورجەهان *

تەسلیمە نەسرین

و. لە فارسییەوە: مەژێن

نورجەهانیان ناچارکرد، بوەستێ لە چاڵێکا، لە نێوەندی مەیدان
لەوێنە وەستا، سەری خوار، تا نێوقەد لە نێو چاڵ
ئەوان نورجەهان بەردبارانەکەن،
بەر جەستەی من دەکەون، بەردەکان.
بەردەکان بەر سەرم ، نێوچەوانم، سنگم و پشتم دەکەون
ئەوان بەرد دەگرن و قاقا پێدەکەنن
پێدەکەنن و بە هەراوە سووکایەتی دەکەن.
لە نێوچەوانی لۆچاوی نورجەهان خوێن دەچۆڕێ، لە نێوچەوانی منیش.
چاوانی نورجەهان هەڵقڵیشاون، چاوانی منیش
کەپووی نورجەهان پلیشاوە، کەپووی منیش
لە سنگی پارچە پارچەکراوی نورجەهانا دڵێ بریندارە، دڵی منیش
ئەی بەر تۆ ناکەون، ئەو بەردانە؟
ئەوان قاقا پێدەکەنین،
پێدەکەنن و پێکەنین ڕدێنەکانیان دەلەرێنێ.
ئارەقەی نێوچەوانیان لەتاو پێکەنین دەبزوێ.
ئەوان پێدەکەنن و کوتەکەکانی دەستیان هەڵدەبڕن.
لە نیگای بێبەزەییانەی چاوانیانیا، تیرەکان تیژ دەردەپەڕن،
بۆ بریندارکردنی جەستەی نورجەهان و جەستەی من
ئەی ئەو تیرانە بەرتۆ ناکەون؟

* نورجەهان کچە جوتیارێکی هەژاری ناوچەی سیلهێت Sylhet بوو، کە دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی بەنگلادش. نورجەمان لە هاوسەری یەکەمی جیادەبێتەوە و لە جێنیوەری ١٩٩٣دا دووبارە هاوسەرییدەکاتەوە، کە ڕوداوێکی سادە و دانپێدانراوی نێوان موسوڵمانانە. مەلای گەڕەك، هاوسەرگیریی دووەمی نورجەهان بە نارەوا ( ناشەرعی ) دادەنێت. چەند ڕۆژ دواتر لە بەرەبەیاندا، نورجەهان دەبەنە شوێنێك و تا نێوقەد دەینێننە چاڵێك و موریدانی مەلا بە تاوانی زینا بەردبارانیدەکەن.

ئەم هۆنراوە لە پێگەی ئینتەرنێتی کۆمەڵەی ژنانی ئەفگانستان www.rawa.org وەرگیراوە و لەسەر دەقە فارسییەکەی وەرگێڕدراوە.

Nurcehan *

Teslîme Nesrîn
w. le Farsîyewe: Hejên

Nurcehanyan naçarkird, bwestê le Çallêka, le nêwendî Meydan
lewêne westa, Serî xwar, ta Nêwqed le nêw Çall
ewan Nurcehan berdbarandeken,
ber Cestey min dekewn, Berdekan.
Berdekan ber Serm , Nêwçewanim, Singim û Piştim dekewn
ewan Berd degrin û qaqa pêdekenin
pêdekenin û be herawe sûkayetî deken.
le Nêwçewanî loçawî nNurcehan Xwên deçorrê, le Nêwçewanî mnîş.
Çawanî Nurcehan hellqllîşawn, Çawanî mnîş
Kepûy Nurcehan pllîşawe, Kepûy mnîş
le Singî parçe parçekrawî Nurcehana Dllê brîndare, Dllî mnîş
ey ber to nakewn, ew Berdane?
ewan qaqa pêdekenîn,
pêdekenin û pêkenîn Rdênekanyan delerênê.
Areqey Nêwçewanyan letaw pêkenîn debziwê.
ewan pêdekenin û Kutekekanî Destyan helldebrrin.
le Nîgay bêbezeyyaney Çawanyanya, Tîrekan tîj derdeperrn,
bo brîndarkirdnî Cestey Nurcehan û Cestey min
ey berto nakewn, ew Tîrane ?

*Nurcehan Kçe Cutyarêkî hejarî Nawçey Sîlhêt (Syilhet) bû, ke dekewête Bakûrî Xorhellatî Bengladiş. Nurcehan le Hawserî yekemî cyadebêtewe û le Cênîwerî 1993da dûbare hawserîydekatewe, ke Rudawêkî sade û danpêdanrawî nêwan Musullmanane. Melay Gerrek, hawsergîrîy duwemî Nurcehan be narrewa ( naşer'î ) dadenêt. Çend Roj dwatir le Berebeyanda, Nurcehan debene şwênêk û ta Nêwqed deynênne Çallêk û Murîdanî Mela be tawanî Zîna berdbaranîdeken.

em Honrawe le pêgey înternêtî Komelley Jnanî Efganistan www.rawa.org wergîrawe û leser Deqe Farsîyekey wergêrrdrawe.